# بۆ چی و لە پای چی کوردی ئێزدیمان قڕ دەکرێن..؟

جەوهەر ناميق سالم

رۆژی 2007/8/14 بەهۆی تەقینەوەی (4) لۆری مینرێژکراو ، لە کۆمەڵگای (گر عوزێر) و (سیباشێخ خدری) سەر بە قەزای شنگال، زیاتر لە 600 کوردی ڕەسەنی ئێزیدیمان گیانیان لە دەستدا و دوو ئەوەندەیش بریندار بوون و وبە سەدان خانوو وماڵی خەڵکی سڤیلی بێ تاوان بەر کەوت ووێران بوو ..

لە پاش ڕزگار بوون وداگیرکردنی ( العراق ) لە لایان هێزەکانی ئەمریکا و لە نێو گشت کردەوە تیرۆرستیەکانی ئەو قۆناغە،ئەمەی (شنگال) گەورەترین کردەوەی تیرۆریستی کۆمەڵ کوژە تاکو ئێستا و، دووهەم کردەوەی تیرۆریستی کۆمەڵ کوژی گەورەی جیهانە ، پاش ئەوەی (11/ سە پتەمبەری ساڵی2001) ی نیویۆرک .

وەلێ بە ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوانی نیویۆرک ( 22 ) ملیۆن و، گری عوزێر و سیبا شیخ خدری لە سنووری (30) هەزار کەس، ئەو کردەوە تیرۆریستیەی ( شنگال ) یەکەم گەورەترین تاوانی تیرۆریستی کۆمەڵ کوژە لە سەرەتای سەدەی (21) ە.

شنگال(120کم لە باکووری رۆژئاوای مووسل) ، شارۆچکەیەکی کوردستانە وناوچەیەکی کورد نشینی کۆنەو، ویەك لە مەڵبەندە دێرین وپیرۆزەکانی کوردی ئێزیدیمانە و، رۆژێك لە رۆژان پەرژینێکی موحکەم وگرنگ بووە ، بۆ پاراستنی پایتەختی ئاشوریەکان لە نەینەوا و،یەك لە ویستگەکانی (ئەسکەندەری گەورە) ، و مەیدانی ملمڵانێ وپێکدادنی هەردوو ئیمپراتۆریەتی رۆمانی وفارسی بووە . ئاسەواری شورە رۆمانیەکەی و دەروازە گەورەکەی هێشتا ماوە و، هەر لەوێیشەوە هێزەکانی ئەسکەندەر، رووی کردوەتە ئەفریقیاو،لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلام و بەدرێژایی مێژوەکەی بە ئەمرۆیشەوە، وەك مەڵبەندێکی کوردی رەسەنی ئێزیدیمان ومەوقیعی جوگرافی وسەرووەت وسامانی ، خەڵکی (شنگال) تووشی دەیەها کارەسات وتراجیدیای گەورە بوونە لە کوشتنی بە کۆمەڵ و تاڵان وراگوێزان وپەراوێزکردن .

( شنگال ) کە لە ساڵی 1928 کراوە بە قەزا و پانتایەکەی لە سنووری (4000) کم چوار گۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە (360) هەزار کەسە ،بە درێژایی قۆناغی دەسەڵاتدارانی زۆرینەی عەرەبی باڵا دەست وتاکوو ئەمرۆ ، یەك لە ئامانجە سەرەکیەکانی سیاسەتی تەعریب وگۆرینی قەوارەی نەتەوایەتی کۆمەڵ کوژیە .

ئەم شارۆچکەیە کە تەنها (199) کم دوورە لە دهۆك ، بە درێژای ساڵانی (1991-2003) بێ بەش بووە لە هەموو بایەخدانێکی دەسەڵاتی فەرمی هەرێمی کوردستان بە حوکمی ئەوەی ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی رژێم بووە . لە دوای رزگاری وپاشان داگیر کردنی (العراق) لە لایەن ئەمریکاوە ، (شنگال) وەك زۆربەی هەرە زۆری ناوچە زەوتکراوەکانی کوردستانی باشوورمان ، کەوتە بەر شاڵاوی تەعریبچیەکان و هێزە رەگەزپەرست و تیرۆریستەکان وبێ باکی هێزەکانی ئەمریکا.

لە بەهاری ئەم ساڵ تاکوو رووداوە دڵتەزێنەکەی رۆژی 8/14 ئەم ناوچەیە بە فیعلی گەمارۆدرابوو ، جگە لە کاری تیرۆریستی و کوشتنی کوردی بێ تاوان بە تایبەتی ئێزیدیەکانمان ، باری ئابووری وژیانی خەڵکی ئەو دەڤەرە نالەبار وئاڵۆز بوو، هەر چەندە بەرزە لێپرساوان ودەسەڵاتدارانی فەرمی کوردستان و راگەیاندنەکانیان هەوڵی دا پۆشین وپەراوێزکردنی ئەو باردۆخەیان دەدا ، وەلێ ئەو واقیعە تاڵەی خەڵکی ئەو دەڤەرە ،هەندێ جار دزەی دەکردە نێو کەناڵە جیا جیاکانی راگەیاندی کوردستان و ئاماژە بەو باردۆخە ئاڵۆزە وبەو گەمارۆدانە دەکرا.

مەخابن ،نە هێزەکانی داگیرکەری ئەمریکا و نە سوپای ناوەندی بەغدا، کە زیاتر لە یەك (فرقە)ی لە مووسل ودەوروبەرەکەی جێگیر بوونە و، زوربەی هەرە زۆری کوردن ( بە قائید ولێپرسراوی لیوا و فەوجەکانی ) و ، نە هێزو ئیدارەی پارێزگای ( مووسل ) بەئیستیلاح گوایە لە ژێر دەسەڵات و فەرمانی کوردە و، نە هێزی ناوخۆ و پێشمەرگەی کوردستان ، توانیان چارە سەری رەوشەکە بکەن و بێنە هانای ئەو کوردە بەد بەختانەوە ، کە رۆژانە روو بەرووی مەرگ دەبنەوە ، وەك ئەوەی لە بەهار وسەرە تای هاوینی ئەم ساڵ کۆمەڵێکی ئێزیدی هەژار وبێ تاوان و هەڵهاتوو لە بەر برسی ولە ترس ، بە رۆژی نیوەرۆ ، رەگەزپەرستان و ئیرهابیەکان لە نێو ئاوی دیجلەدا ئەو کۆمەڵە هەژارانەیان خنکاند .

هەر دوای ئەوە و لە مووسل 24 کوردی هەژاری کارکەری ئێزیدیان وەکو مەڕ لە بەر چاوی حەشاماتێکی خەڵکی ئەو شارە سەربڕی . .

سەیر لەوەدایە سەرکردایەتی فەرمی کورد ئامادەیە پێشمەرگەی کوردستان بنێرێت بۆ پاراستنی عەرەبی( سوونە و شیعە ) ی گەرەکەکانی بەغدا ، یان ئامادە باشی خۆی پیشان دەدات بۆ ناردنیان بۆ کەربەلا و نەجەف یان بۆ پاراستنی بۆریەنەوتەکانی لای ( شرقات ) کە چی بای ئەوندە

سوور نیە لە پاراستنی کوردە هەژارەکەی خۆی لە مەندەلی و سەعدیە و جەلەولا و خورماتوو کەرکووك و زمار وتەلعەفەر وشنگال ..!

هەندێ لە بەرزە بەرپرسانی کورد ، هۆکاری کۆمەڵ کوژیەکەی ( گر عوزێر وسیبا شیخ خدری ) دەگەڕێننەوە بۆ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ماددەی( 140 ) ، یان نزیك بونەوەی قۆناغی کۆتایی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە . لە کاتێکدا ئەم ماددەیە هەر لە سەرەتاوە بە سەقەتی داڕێژراوەو لە دایك بووە و، بەئیعترافی لایەنی فەرمی خودی کوردی و ئەمریکی ،چەقیوە وجێبەجێنەکراوە..

بە دەر لە هەندێ دیدوو بۆچوونی ئیستهلاکی و سەر زارەکی بەرزە لێپرسراونی حیزبی و ئیداری کورد ، ئەم ماددەیە بە فیعلی لە کۆتایی ساڵی 2007 وەکو دانراوە، جێبەجێ ناکرێت . بۆ ئەمەش سەرانی کورد وا ماوەیەکە سەرقاڵی ڕاهێنانی خەڵکی کوردستانن بە گشتی وخەڵکی ناوچە تەعریبکراوەکانمان بە تایبەتی ، بۆ ئەو مەبەستە .

جەختکردنی هەندێ لەو بەرزە بەرپرسیارانە لە سەردرووشمی (دوا خستنی ماددەی (140) قابیلی قەبووڵ نیە بەڵام ( تأجیل ) کردنی واریدە) ، بەردەوام بوونیانە لە پەراوێزکردن ولە باربردنی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان لەمەڕ گەڕانەوەی (51٪)ی خاکی تەعریبکراوی وڵاتەکەمان بۆ باوەشی هەرێمی کورستان ، پاش ئەوەی بە غەدر وناحەق کراون بە ناوچەیەکی ( متنازع علیها ) لە نێوان کوردستانیەکان وزۆرینەی عەرەبی دەسەڵاتدار ، بەئەوەندەش ئەم سەرانە دڵیان ئاوی نەخواردەوە و بەڵکو چارەنووس و ئایندەی ئەو (51٪) ە ی خاکی کوردستانی باشوورمانیان خستە ژێر گومان وڕا پرسین و، حەسم کردنی یاسایی وئیداریان بەند کرد بە بڕیاری عەرەبی زۆرینەی العراق .

( شنگال و ئێزدیەکانی شنگال ) مان لە زۆر ڕووەوە وەك کەرکووك وگشت بستێکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان و خەڵکەکەی ، ئیستراتیجی وگرنگن ، چونکە پاش ڕەسەنایەتی وچەند بار مەزلوومیەتی برایانی کوردی ئێزیدیمان لە رووی مێژوو وجوگرافیاو وکۆمەڵایەتی و ئابووری ، شنگاڵ ناوچەیەکی بە پیت وبەرەکەت و یەك لە ناوەندەکانی گەشت وگوزاری بەرچاوی کوردستانە . چیای سنجار ( 4800 ) پێ و، ئەشکەوت وکانی وکارێزو و کانزای بەردی ( سنجارایت ) ، و سەروەت وسامانی کشتوکاڵ و میوە و میوەجات و، بوونی نەوت بە شێوەیەکی زۆر فراوان هاو تەریب لەگەڵ گیان و وزەی بەرخودانی بێ سنووری ئێزیدیەکانمان و داکۆکیان لە سەر ناسنامەی نەتەوایەتی و ئاینیی خۆیان ، یەك لە نهێنیەکانی ئەم دەڤەرەیە کە تاکو ئێستا ماوەتەوە و، هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکی کارەساتەکانی خەڵکەکەیەتی بەمەی (8/14 ) و، دوور نیە لە ئایندەیش !

ئەگەر کارەساتەی هەڵەبجە ونەنفالکردنی (182 ) هەزار کەسی کورد ، گەورەترین کردەوەی جینۆسایدی دواچارەکەسەدەی ڕابردوو بێت ، ئەوا قەڵاچۆکردنی کوردی ڕەسەنی ئێزیدیمان لە کۆمەڵگای ( گری عوزێر و سیبا شیخ خدری ) لە قەزای شنگال گەورەترین و ترسناك ترین کاری تیرۆریستی وقەڵاچۆکردنی مرۆڤە لە سەرەتای سەدەی ( 21 ) ە .

ئەگەر هەڵەبجە وئەنفال لە چرکەیەکی غەفلەتی مێژوو ڕویدابێ، خۆ ئەمڕۆ ( العراق ) بە هەرێمی کوردستانەوە لە لایەن ئەمریکاوە داگیر کراوە و هەندێ لە سەرانی کورد بە ( احتلال بغیض ) پێناسەی دەکەن وهەندێکیشیان بە دۆست وهاوپەیمانی ئیستراتیجی و،هێشتا مەلەفی ئەمنی وپاراستنی شنگال لە دەستی هێزەکانی ئەمریکایە و، بە هەزاران سەربازی کورد لە سوپای ( العراق )ی هیوا و ئاشتی ( وفیدراڵ ) لە موسڵ ودەوروبەری شنگالن و( سوپا سالاری العرق کوردە ) و، زیاتر لە سەد هەزار چەکداری فەرمی مووچەخۆری هەرێمی کوردستانمان هەیە و، خەڵکی دەڤەری شنگال هەر وەك خەڵکی مەندەلی لە پێش قەتلوعامەکەیان مەترسیەکانیان خستبوە ڕوو، داوای پاراستنی سەوروماڵی خۆیان دەکرد لە دەسەڵاتدارانی ئەمریکی و لە کاربەدەستانی پارێزگای مووسل ولە حکومەتی ناوەندی بەغدا و، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ولە سەرانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ، کە چی هەر گورگا نخوارد کران ..!

لە کاتێکدا زیاتر لە 600 مرۆڤی کورد لە( گرعوزێر و سیبا شیخ خدری- 35 کم باشوور شنکال ) شەهید بوون وهێشتا بە دەیەها بێ سەرو شوێنن و دوو ئەوەندەیش بریندار وماڵوێران وسەرگردان و، هەندێك بە بنەماڵە قر کران ونەمان ،سەرانی کورد کە لە بەغدا سەرقاڵی کۆبونەوەکانیان بوون و، لە بەرامبەر میدیاکاندا تەبەسمیان بۆ یەکتر دەکرد و،ئەوەندەی لە غەمی ڕازی کردنی هەندێ لە باڵەسیاسیەکانی تاقمە تیرۆریستەکان بوون، ئەوەندە نەدەپەرژان بە سەر دڵدانەوە وهاو غەمی وسەرخۆشی کوردی ئێزیدی ستەم لێکراو ولێقەوماومان و،ڕاکێشانی سەرنجی ڕای جیهانی سەبارەت بە وەحشییەت وسامناکی ومەترسی ئەو تاوانە.

جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە چۆن ،سەرۆك کۆماری ئەمریکا بۆ چەند هەزار سەربازێکی لە( العراق ) ، هەزاران کیلۆمەتر ئەبڕێت وحیساب بۆ هیچ مەترسیەك ناکات و، لە کاتی تەنگانە ئەگاتە لایان و تاکو ئێستا هیچ جەژنێکی گرنگی لە ماڵی خۆی نەکردووە و نانی جەژن ،لە بەغداً لە گەڵ سەربازەکانی ئەخوا...

سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا ( تۆنی بلێر ) بۆ چوار پێنج هەزار سەربازی وڵاتەكەی چەند جار لە بەسرە وبەغداسەردانی كردن، سەرۆك وەزیرانی ئوسترالیاش بەهەمان شێوە، سەرەڕای سەردانی دەیەها شاندی كۆنگریسی ئەمریكی و پەرلەمانی بریتانی وئوسترالی و، وەزیر وبەرزە لێپرسراوانی دیكەیان .

لە بەر دوو سێ هەزار سەربازی كۆریای باشوور، سەرۆك وەزیران وچەند وەزیر وبەرزە لێپرسراوانی ئەم وڵاتە هەمیشە بە ڕێگاوەن بۆ سەردانیان لە هەولێر ، لە كاتێكدا ئەوسەربازانە گوایە بۆ پاراستنی ئێمە نێردراون ،كەچی دوو ئەوەندەی ژمارەكەیان پێشمەرگە و پۆلیس وئاسایشی هەرێمی كوردستان پاسەوانیان لێ دەكەن ..!

چی دەبوو ئەگەر هەروەكو مالكی بۆ ڕووداوەكانی كەربەلاو هەندێك جێگەی بەغدا سەردانی ئەكرد،بەرپرسانی كوردیش لەدەسەڵاتی ناوەندی بەغداو لەكوردستان یان ئەو چوار پێنج دەرزنە وەزیرە و( 170 ) ئەندامی پەرلەمانی هەرێم وناوەند ، ئەڵێن چی دەبوو چ بە تاك و چ بە كۆمەڵ ، سەردانی شنگالیان بكردایەت و بۆ چركەیش بێت لە نێو خەڵكە خەڵتان لە خوێنەكی ببینرابان.

باوەڕ ناكەم ئەوەندە كاتی لێگرتبان كە ببێتە مایەی دواخستنی یەكرێزی هێزەكانی ( العراق ) ی هیواو ئاشتی وبرایەتی كورد وعەرەب و ڕوحی عێراقچیەتی وبیٚ لایەنیان.

بوونیان بۆ چەند چركەیەك لە نێوان ئەو خەڵكە لێقەوماوەدا مانایەكی دیكەی دەبەخشی و هەندێ لە ئازارەكانیان كەم دەبووەوە . وەلێ ئەمە نەكرا وڕووی نەدا نازانم بۆ ؟

كارەساتی هەردوو كۆمەڵگای ( گر عوزێر و سیبا شیخ خدری ) ی برا وكەس وكاری ئێزیدیەكانمان ، كە گەورەترین قەتلووعامی سەرەتای سەدەی بیست ویەكە ، هەموو كورد ومرۆڤێكی خاوەن ویژدانی هەژاند وتاوانێكی ترە خرایە سەر زنجیرە تاوانەكانی دوژمنانی كوردو كوردستانٍ .

ئەم كارەساتە ، وەڵامێكە بۆ كاكە بوش و ریان كرۆكەر و جەنراڵ دێڤد پێترایوس و گشت ئەوانەی كە سوورن لە مانەوەی دەسەڵاتی ئەمریكا ومامەڵەكردنی هێزەكانی لە (العراق) بە كوردستانیشەوە بەو شێوەیە كە تاكو ئێستا لە سەری ئەڕۆن و،چارە سەرنەكردن وپشتگوێ خستنی پرسی كورد و بە تەحدید سنووری كوردستانی باشوورو ناوچە تەعریبكراوەكان ..!

2007/8/23